ئەمینداری گشتی یەکگرتوو و سەرکی ئەنجومەنی باڵای دادوەری عێراق کۆبوونەوە

لە درێژی دیدار و سەردانەکانیدا لە شاری بەغدا، پێش نیوەڕۆی ئەمڕۆ پێنج شەممە بەرواری 7/12/2023 سەلاحەددین محەمەد بەهائەددین ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بە بەیاوەری شاندێکی باڵا سەردانی دادوەر فایق زێیدان سەرکی ئەنجومەنی باڵای دادوەری عێراقی کرد.

بەگوێرەی راگەیەندراوی نوسینگەی ئەمینداری یەکگرتوو لەم دیدارەکەدا بارودۆخی سیاسی عێراق و ناوچەکە تاوتوێکرا و گفتوگۆیان لەسەر دواین پێشهات و رووداوەکان کرد.

ئەمینداری گشتی یەکگرتوو گرنگی ڕێی ئەنجومەنی دادوەری لە ساغکردنەوەی گرفتەکان و چارەسەری کێشەکان بە ئاراستەی بەرژەوەندی و دابینکردنی مافەکانی هاوڵاتیان بەرزنرخاند، هەروەها جەختیکردەوە لەسەر سەروەری یاسا و سەربەخۆی دادگاکان و ڕاچاوکردنی مافە دەستوریەکانی هەرەمی کوردستان .

لەبەرانبەردا سەرکی ئەنجومەنی دادوەری خۆشحاڵی خۆی بەم دیدارە دەربڕی و دڵنیایی دا کە بەیەك چاو سەیری هەمووان دەکەین و بە پێی یاسا بڕیارەکان دەردەچن ..